پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی دڵتەنگی بوونیدا دەیفەرموو: «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت-دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی دڵتەنگ بوونیدا دەیفەرموو: «لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ الْعَظِيمُ الْحَلِيمُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ وَرَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ»، واتە: «هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە اللەی مەزن وهێمن، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە اللە؛ پەروەردگاری عەرشی مەزن، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە اللە؛ پەروەردگاری ئاسمانەکان وزەوی وعەرشی گەورە ومەزن».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر تووشی غەم وناڕەحەتیەك بووایە؛ دەیفەرموو: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ:هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە اللە)؛ تەنها اللە پەرستراوی هەقە، (الْعَظِيمُ: اللە ی مەزن)؛ قەدر وڕێز وشەرەفمەندی وپلە وپایەی مەزنە، وگەورە وشکۆدارە لە زاتی وسیفەتەکانی وکردەوەکانی، (الْحَلِيمُ:هێمن و لەسەرخۆ)؛ پەلە ناکات لە سزادانی تاوانباران بەڵکو دوای دەخات، ولەوەیە لێبیشی خۆش بێت ئەگەرچیش توانا ودەسەڵاتی بەسەردا هەیە، ئەو لەسەر کردنی هەموو شتێك تواناداراە. (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ:هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە اللە؛ پەروەردگاری عەرشی مەزن)؛ خوڵقێنەری عەرشی مەزنە، (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَرَبُّ الْأَرْضِ:هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نیە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە اللە؛ پەروەردگاری ئاسمانەکان وپەروەدگاری زەویە)؛ خوڵقێنەری ئاسمانەکان وزەوی، وخوڵقێنەری هەموو شتێکە لە نێویان، وئەو خاوەنیانە، وبەڕێوەیان دەبات وڕێکفیان پێوە دەکات بەو شێوەیەی خۆی بیەوێت، (رَبُّ الْعَرْشِ الْكَرِيمِ:پەروەردگاری عەرشی ڕێزدار)؛ خوڵقێنەری عەرشی شکۆمەند وڕێزدار.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5141